**ستراتێژی "تشکیلاتی" حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

نووسینی ئەو بابەتە لە لایەن کەسێکی وەک منەوە، درکاندنی ڕەنجێکە کە بە ڕۆح و گیانی سێ نەوە، جیل و بەرە لە ئینسانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە باشترین سەرمایەکانی ئەو نەتەوەیەیدا، ڕۆچووە. زۆر کەس لەو ڕێگایەدا گیان و ماڵ و داهاتی خۆیان لە دەست داوە، کەسانێکیش بۆیان بووە بە سەرمایە.
نووسینی ئەو بابەتە تەنیا و تەنیا بۆ دوو مەبەستە، یەکەم دووبارە نەبوونەوەی ئەو ڕابوردووە، دووهەم حەول بۆ گۆڕینی ئەو "نەزم"ەی کە نە لە گەڵ سەردەمی ئێستا دێتەوە و نە لە گەڵ خزمەت کردن بە خەڵک و نەتەوەی کورد.
لە ڕێگای ئەو نووسراوەیەوە یادی ئەو هاووڵاتیانە وەبیردێنمەوە کە بۆ خۆشبەختی خەڵکەکەیان بە هەر ئیدئۆلۆژی و بە هەر ئایین و مەزهەبێکەوە کە هەیانبووە، کەوتوونەتە ناو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زۆربەیان گیانیان لە دەست داوە.
تەشکیلات لە هەر چەشنێک، ئاوات و ئامانج نییە. خۆشبەختی و بەختەوەری ئینسان دەبێ مەبەستی سەرەکی هەر ڕێکخراوە و هەر حزبێک بێ. ئەگەر وانەبێ ، ئەو تەشکیلات و ئەو کۆمەڵە کەسە، ژیانی خۆیان و خەڵکیان دۆڕاندووە و بە فیڕۆ داوە.
برایم فەرشی نەورۆزی 2708 (بەشێک لە پێشەکی ستراتێژی "تەشکیلاتی" حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ، حزبی دێموکراتی کوردستان و حزبی توودەی ئێران

### بەشی 7

گوتراوە کەبەر لە دروستکردنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، حزبی تری کوردستانی دامەزراون لەوانە حزبی ڕزگاری، سادات، و حزبەکەی سمایل ئاغای سمکۆ. بەلام هیچکام لەوانە روون نییە کە چارتی تەشکیلاتیان چۆن بووە، ئەوەی باسکراوە، ئەوەیە کە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک. سوێندیان بۆ یەکتر خواردوە و بە شێوەی خۆڕسک کۆڕی هاوبەشیان هەبووە، بە نهێنیش کاری سیاسیان کردوە. هیچ بەڵگەنامەیەک لە بارەی کۆبوونەوەکان یان چۆنیەتی تەشکیلات و کاروباریان لە بەر دەست دا نییە. تەنانەت بەرنامە و ئەساسنامە بە شێوەی نووسراو لە بەر دەستدا نییە. ئەوەی لە پاش کۆمەڵەی ژ.ک بەجێ ماوە ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمانە، لەوێشدا چارتی تەشکیلاتی باس نەکراوە.

لە گەل دروستکردنی حزبی دێموکراتی کوردستان لە 25ی گەلاوێژی ساڵی 1324[1945]، کۆمەڵەی ژ.ک کە لە 25 گەلاوێژی ساڵی 1321(1942/9/16) پێک هاتبوو و یەکەمین کۆنگرەی خۆی بە بەشداری 100 کەس لە شاری مەهاباد لە ساڵی 1943 بەرپا کردبوو، بە بێ دەنگ دەتوێتەوە.
بەستنی کۆنگرە پاش یەک ساڵ لە دروستبوونی کۆمەڵەی ژ.ک ، ئەو دەردەخات کە بەرپرسانی کۆمەڵەی ژ.ک ئاگاداریان لە کاری حزبی و پێک هێنانی ستروکتوری حزبی هەبووە و پابەند بە ئوسولی دێموکراسی بە پێی بیروباوەڕی خۆیان،بوون. ئەوەی روونە ئەوەیە کە کۆمەڵەی ژ.ک ستراتێژی سیاسی سەربەخۆیی کوردستانی وەک ئامانج لە بەر چاو بووە و هەر بۆ ئەو مەبەستەش تێکۆشاون.
نمونەی بەرچاوی چالاکی جیددیان بۆ پێشبردنی ئەو ئامانجە پێشکەش کردنی شانۆنامەی دایکی نیشتمان بوو، کە لە ژێر سەرپەرەستی شەخسی قازی محەمەد و ڕەحمان زەبیحی دا بەڕێوە چووە. ئەوەش نیشانەیەکی جیددیە بۆ کاری تەبلیغی و بایخ دان بە بڵاوبوونەوەی فکری سیاسی حزبەکەیان لە ناو خەڵکدا،کە لە کارەکەشیاندا بە تەواوی سەرکەوتوو بوون و بەرهەمی کارەکەشیان لە سازکردنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەردەکەوێ.

فۆرمی حکومەتی کوردستان لە ساڵی 1946 هەمان ئامانجە کە لە شانۆنامەی دایکی نیشتماندا هاتووە کە وەک پلاتۆرمی سیاسی کۆمەڵەی ژ.ک بووە و دوایە وەک پرۆژە و ئامانجی سیاسی حزبی دێموکراتی کوردستان جێ بەجێ دەکرێ و دەبێتە مێژوو.
سەرەڕای ئەوەی پێکهاتەی حزبی دێموکراتی کوردستان جیاوازی بنەڕەتی لە گەڵ کۆمەڵەی ژ.ک هەبووە، بەو حاڵە بەرنامە و پرۆژەی سیاسی حزبی دایک واتە کۆمەڵەی ژ.ک بووتە پرۆژەی سیاسی حزبی دێموکراتی کوردستان، کە ئەوەش دروستبوونی بەرنامە و پرۆگرام و ستراتێژی حزبی دایک و تێگەیشتنی سیاسی ڕابەرانی ئەو ڕێکخراوە دەگەیێنێت کە بە دروستی لە لایەن حزبی دێموکراتەوە پەیڕەو کراوە.
حزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی نووسراوەی ئورگانی حزب ژمارە 1؛ ساڵی یەکەم، 15 سەرماوەز 1324، 6ی دسامبر 1945، لاپەڕە 11، یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەستووە:

> "حیزبی دیموکراتی کوردوستان لەدوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەلوەر(آبان)ی 1324 [1945]
> حیزبی دیموکراتی کوردوستان لە مەهاباد داندراو بەیان نامەی خۆی بڵاوکردەوە، لە ڕۆژی 2 – 8 – 1324 دا [1945] هەوەڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرۆ تەشکیل دا"

www.rojhalat.de

پاشان نیوی بەشداربووان لە کۆنگرەدا دێ و دەگوترێ :
"......... لەم کۆنگرە دا هەموو لکەکانی حزبی دیموکراتی کوردوستان تصویب کرا و نوێنەری تایبەتیان بۆ داندرا و هەریەک لە جی ی خۆیان دامەزران و دەستیان بەکار کرد و..."

هەرچەند حزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک ەوە پێک هێندرا، بەڵام ئەو حزبە هیچ کات مێژووی کۆمەڵەی ژ.ک ی بە مێژووی خۆی دانەنا، دەنا مێژووی حزبی دێموکرات زیاتر لەوە دەبێ کە باس دەکرێ، کە وایە دەکرێ بڵێین ئەوانە دوو حزبی سیاسی و دوو رێکخرا بوون. یەکەمین کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ئەوی تریان حزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد زۆرتر لە گەڵ بەرنامەی سیاسی کۆمەڵەی ژ.ک دێتەوە هەتا بەرنامەی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش رووخانی کۆماری کوردستان. یەکێک لە بەڵگە هەر گرینگەکان بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە دارِشتنی پلانی سیاسی کۆماری کوردستان لە تۆی شانۆنامەی دایک نیشتماندایە، کە بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان بووە، کە لە رێگای ئەو شانۆنامەیەوە بیر وفکرە سیاسییەکە گوێزراوتەوە بۆ ناو خەڵکەوە.

کە وایە دەبێ بە روونی بگوترێ، حزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر رەهبەری قازی محەمەددا، پرۆژەی سیاسی و ستراتیژی سیاسی جیاواز لەو حزبی دێموکراتەی هەبووە، کە پاش رووخانی کۆماری کوردستان لە سەر دەستی غەنی بلوریان و دۆستەکانی بە هاوکاری حزبی تودە، لە شاری مەهاباد دروست دەکرێتەوە. مام غەنی لە کتێبی سەدەی کارەسات(گفت وگۆ لە گەڵ نووسەی ئەو دێرانەدا دەڵێ):

"، پاش ئەوەی لە شورەوی گەرِامەوە ئەمن بە تەفەکوری نەوینەوە هاتم لە حیزبی دێموکراتەوە، کە تەئسیس بووە، یانی بە تەفەکوورێکی چەپگرایانە، بەرخەلافی ئەوەی سابق هەمبوو."
ساڵی 1326 [1947] کە هاتینەوە **دوکتور ئاسۆ** و **عەزیز فەرهادی** و **محەمەدی شاپەسەندی وسەدیقی خاتەمی** و **سەدیقی سیاسەری** و ئەوانم دەعوەت کرد بۆ ئەوەی حزبی دێموکرات لە سەرِرا زیندوو بکەینەوە، موبارزەی حزبی دێموکرات دەست پێبکەینەوە. ئەوە6 مانگ پاش ئیعدامی **قازی** و ئەوان بوو لە ساڵی 26[1947].

لەو دەورەیەدا لە ساڵی 1947 مام غەنی لە کاتی دروستکردنەوەی حزبی دێموکراتدا، پاش رووخانی کۆماری کوردستان، خۆی بە کۆمۆنیست و ئەنترناسیۆنالیست زانیوە و حزبی دێموکراتیشی هەر لە سەر ئەو فکرە دامەزراندۆتەوە و نەشریات و کتێبەکانی حزبی توودە، خوراکی سەرەکی فکری و سیاسیان بووە خۆی دەڵێ:

" ساڵی 29 [1950]بوو کە ئیرتباتمان لە گەڵ **حیزبی تودەی** بەرقەرار ببوو. کوتم رۆژنامەجات و ئورگانی حیزبی تودەمان بۆ دەهات. ئێمە ئەو رۆژنامانەمان موتالەعە دەکرد و رەدمان دەکرد بۆ حەوزەکان بۆ ئاموزش. بۆ حەوزەکانی تەشکیلات کە جەوانەکان بیخوێنەوە، ئیستفادەی لێ بکەن. **ئێمە ئۆرگانمان نەبوو رۆژنامەمان نەبوو...."**

کەوایە لە باری تەشکیلاتیشەوە کۆمەڵەی ژ.ک و حزبی دێموکراتی سەردەمی قازی لە گەڵ ئەو حزبی دێموکراتەی کە پاش رووخانی کۆماری کوردستان پێک هات، دەبێ دوو حزبی تەواو جیاواز لە یەک بن، لە بەر ئەوەی تەشکیلاتێکی سەربەخۆیی خواز، کە سنوورەکانی لە هەر چوارسووچەوە کوردستان بگرێتەوە، لە گەڵ تەشکیلاتی حزبێک کە لە چوارچێوەی وڵاتێکی گەورەتردا خەڵکی ناوچەکەی خۆی، رێک دەخات بۆ وەرگرتنی مافێک کە لە حکومەتی مەرکەزی داوای دەکات، ناتوانێ یەک فۆرمی تەشکیلاتیان هەبێ.
کۆمەڵە ژ.ک و حزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتا هەرکیان خاوەنی یەک رێبازی سیاسی بوون و یەک فۆرمی نزیک لە یەکی تەشکیلاتیان هەبووە. پاش رووخانی کۆماری کوردستان، بنەمای فکری و ئیدئۆلۆژیک و سیاسی و تەشیکلاتی بنیاتنێنەرانی حزبی دێموکراتی کوردستانی سەردەمی قازی محەممەد، لە لایەن چێکەرانی دوبارەی حزبەوە پەیرەو ناکرێ و دەگۆرِدرێ و ئامانجی سیاسی و تەشکیلاتی "نوێ" بە وتەی مامە غەنی جێگای کۆنەکە دەگرێتەوە.

حزبێک کە لە چوارچێوەی وڵاتێکی تردا کار دەکات و خۆی بە بەشێک لەو وڵاتە دەزانێ، تەشکیلاتی حزبەکەشی هەمان خاسیەتی دەبێ، واتە حزبێک بۆ ناوچەیەکی ئەو وڵاتە بە ناوی کوردستان.
حزبی دێموکراتی کوردستان کە دواتر ناوەکەشی گۆرِا و بوو بە حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(کە ئەوەش هەر لە پێوەندی لە گەڵ فکری حزبی توودەدا بووە) دەبوو خاوەنی تەشکیلاتێک بێ بۆ کوردستانێک سەر بە وڵاتی ئێران. هەڵبەت ئەو حزبە بە پێی بەرنامەکەی دەبێ بەرنامەیەکی هەبێ بۆ ئەو کوردستانەی کە سەربە ئێرانە.

بەڵام لێرەشدا ئێمە لە گەڵ حزبێک ڕووبەڕوین کە تەشکیلاتەکەی بۆ کوردستانە، بەڵام بەرنامەی سیاسیەکەی بۆ هەموو ئێرانە، ئەم سیاسەتەش لە دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دموکراسی بۆ ئێران ڕەنگی داوەتەوە کە دواتر لە ژێر رابەرایەتی دوکتور عەبدوڵرەحمانی قاسملودا دەبێتە دروشمی سەرەکی حزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و ئەسلی دروشمەکەش ئاوایە: "دموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"
واتە بەرنامەی سیاسی و سەرەکی ئەو حزبە دموکراسی بۆ ئێرانە و لە ژێر سایەی ئەو دموکراسییەی کە لە ئێران ڕەنگە دابمەزرێت، خودموختاری بۆ کوردستان دەبێ مسوگەر بکرێت.

لێرە جیاوازییەکی دیکەی تەشکیلاتی حزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ژ.ک لە گەڵ حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەردەکەوێت، ئەویش بەرنامەی سیاسی حزبەکەیە. ئەگەر کۆمەڵەی ژ.ک و حزبی دێموکراتی کوردستان پرۆژە و بەرنامەی سیاسیان بۆ کوردستان بووە، نەک بۆ ئێران و تەشکیلاتەکەشیان ڕەنگدانەوەی بەرنامەی سیاسییەکەیان بووە، ئەوە حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کۆپی کردنی بەرنامە و ستراتێژی حزبی توودەی ئێران، بەرنامەی سیاسی خۆی بۆ سەراسەری ئێران وەک ستراتێژی و ئامانج پێشکەش دەکات، بەڵام تەشکیلاتەکەی بۆ مەنتەقەیەکی ئێران بە ناوی کوردستان ڕێک دەخات.
یەکەم ئاستەنگی ئەو دروشمە واتە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان ئەوەیە کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پانتای ئێراندا هیچ **تەشکیلاتێکی** نەبووە، هەتا لە ناو خەڵکانی نە کوردی دوور لە کوردستان بۆ دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران خەبات بکات.
لە باشترین حاڵەتدا بە پێی مێژووی سیاسی و ژیانی ئەو حزبە هیچ کات میسەر نەبووە لە ناو هەموو کوردستانیشدا تەشکیلاتی دابمەزرێنێ، تەشکیلاتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تایبەت بە چەند شاری ناوچەی موکریان بووە و هێندێک جاریش خەتی سیاسی تەشکیلاتەکانیش یەکتریان نەگرتووتەوە، بە تایبەت لە سەردەمی دوکتور موسەدیقدا، تەشکیلاتی مەهاباد پەیرەوی خەتی حزبی توودە بووە و تەشکیلاتی بۆکان لە پێوەندی لە گەڵ جوڵانەوی وەرزێران و خەڵکی شاری بۆکان، لایەنگری موسەدق بوون، هەرکیشیان تەشکیلاتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.
هەمووی ئەوانە دەری دەخەن کە ئەو حزبەی کە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان سازکراوە نە ستراتێژییەکی یەک دەستی هەبوو، نە تەشکیلاتیکی ڕێک و پێک و یەک دەست.

حزبی دێموکراتی کوردستان ساڵی 1324[1945] دروست کراوە، ساڵێک پاشان لە دووی ڕێبەندانی ساڵی 1325 [1946] کۆماری کوردستانی پێک هێناوە، ساڵی دوایە 1326 ]1947] کۆمار تێکشکاوە و حزبی دێموکرات هەڵوەشێندراوەتەوە و ئەندامانی پەرەوازبوون. واتە لە سەردەمی دروست بوون و بەرپاکردنی کۆمار و ڕووخانیدا، هەمووی دوو ساڵ حزبی دێموکرات تەشکیلاتی ئاشکرای هەبووە، کە بەشێکی تەشکیلاتی ئیداری و حکومەتی بووە و بەشێکی تەشکیلاتی حزبی. بەڵام ئاگادارییەکی تەواو لە سەر ساختار و چارتی تەشکیلاتی حزب و تەنانەت سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرایەتی حزب لە گۆڕێ دانییە. ئەوی دیارە ئەوەیە کە پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکی حزبی دێموکراتی کوردستان بووە.
ئایا کۆمیتەی ناوەندییەک لە گۆڕێ دابووە؟ ئایا ناوی ئەندامانی ئەو کۆمیتەی ناوەندییە دیارە؟ ئایا حزب لە کاتی دروستبوونییدا فۆرمی تەشکیلاتی وەک حزبی توودە و حزبەکانی کۆمۆنیستی هەبووە یان تەشکیلاتی جیاواز لەوانی هەبووە، ئەگەر وایە ئەو تەشکیلاتە چۆن بووە و چارتەکەی بە چ شێوەیەک بووە و کاروباری حزب چۆن بەڕێوە چووە و ئۆرگانەکانی حزب چۆن بوون.
دەگوترێ کە تەشکیلاتی ژنان هەبووە و زیندەیاد هاوسەری قازی مەحەممەد مینا خانم بەرپرسی بووە، ئەو تەشکیلاتە چۆن بووە و ژنان لەو سەردەمەدا تەشکیلاتەکەیان چۆن بووە و چ دەورێکیان لە ژیانی سیاسی حزبی دێموکرات و ئۆرگانەکانی ڕەهبەری و باقی ئورگانەکانیدا هەبووە؟
ئایا تەشکیلاتی حزب کە دەگوترێ لە شارەکانی بۆکان و شنۆ و نەغەدە و مەهابدا هەبوون، بە پێی چ فۆرمێک کاریان کردووە؟ ئایا شێوەیەکی خۆڕسکی نزیک لە ساختاری ژیانی دەرەبەگایەتی بووە، یان فۆرمێک لە ناو تەشکیلاتەکەدا هەبووە کە لە هەموو شارەکان وەک یەک بووە؟ ئەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکە بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی کە بە جێ ماون لە وانە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی ناوەندی حزبی دێموکرات، هیچکام لەو پرسیارانە وڵام نادرێنەوە و ئەساسنامەی نووسراوی سەردەمی ساڵی 1324 و 1325 یش[1945-1946] لە بەر دەستدا نییە.
پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان حزب لە باری تەشکیلاتییەوە هیچی بۆ نەماوەتەوە، پاشان غەنی بلوریان ئەو کەسەیە کە 6 مانگ پاش لە سێدارەدانی قازییەکان دەستەی یەکەمی دێموکراتەکان کۆ دەکاتەوە و بە قسەی خۆی حزبی دێموکراتی دامەزراندۆتەوە، ئەو لە کتێبی سەدەی کارەساتدا دەڵێ:

ساڵی 1326 [1947] کە هاتینەوە **دوکتور ئاسۆ** و **عەزیز فەرهادی** و **محەمەدی شاپەسەندی وسەدیقی خاتەمی** و **سەدیقی سیاسەری** و ئەوانەم دەعوەت کرد بۆ ئەوەی حزبی دێموکرات لە سەرڕا زیندوو بکەینەوە،موبارزەی حزبی دێموکرات دەست پێبکەینەوە. ئەوە6 مانگ پاش ئیعدامی **قازی** و ئەوان بوو لە ساڵی 26. لەبەر ئەوەی ئەمن ئیدی لە سازمانی جەوانان و ئەوانەدا نەمام. سەرنویشتم گۆڕا. سازمانی جەوانان بوو بە سازمانی جەوانانی حزبی دێموکرات و میرزای خوسرەوی بوو بە مەسئولی سازمانی جەوانان، دوایی چی بە سەر سازمانی جەوانان هات، ئەمن رۆیشتم بۆ شورەوی.

بە پێی ئەو قسانە، ئەو کەسەی کە حزبی دێموکرات سەر لە نوێ زیندوو دەکاتەوە، ئەندامێکی سازمانی جەوانانی حزبی دێموکراتی کوردستانە، لە گەڵ هاوڕێکانی. بە واتایەکی دیکە بەرپرسی سازمانی جەوانان و ئەندامانی ئەو سازمانە، پاش رووخانی کۆماری کوردستان، حزبی دێموکرات زیندوو دەکەنەوە. کە وایە ئەگەر حزبی دێموکرات کۆمیتەی ناوەندییەکی پێشتر هەبووبێت، بۆ دروستکردنەوەی دوبارەی حزبی دێموکرات پێشقەدەم نەبوون. ئەو کەسانەش کە لە گەڵ مامە غەنی بلوریان دەستیان داوتە ساخکردنەوەی حزب، زۆربەی هەر زۆریان ئەندامانی رێکخراوی لاوانی حزبی دێموکرات بوون، کە پێشتر ئەندامانی رێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژ.ک بوون، کە لە راستیدا بەرلەویش ئەندامانی "کۆمەڵەی لاوانی مەهاباد" بوون، کە دوایە مولحەق بوون بە کۆمەڵەی ژ.ک و پاشان حزبی دێموکراتی کوردستان.

مەبەست ئەوەیە کە بگوترێ ئەو کەسانە هیچیان کادری تەشکیلاتی نەبوون و هەر کارێکی رێکخستنیان کە کردبێت، بە پێی فکر و لێهاتووی خۆیان کردوویانە، مامە غەنی بلوریان لە پێوەندی لە گەڵ کاری "رێکخراوی لاوان" بەر لە مولحەق بوون بە کۆمەڵەی ژ. ک دا دەڵێ:

" وەڵا جەلەساتی عومومیمان بەو شێوە کە ئاگا بین کۆبوونەوەی رەسمی بکەین وشکڵێکی خاس و ویژەی هەبێ، نەبوو، چون کەس نەبوو لە حەقیقەتدا راهنمایی بکات، سازمانی جەوانان چۆن تەشکیل دەبێ، ئاییننامەی هەبێ، بەرنامەی هەبێ، ئەساسنامەی هەبێ، شتێکی ئاواش بێ، کارەکەی ئێمە دێمی[خۆڕسک] بوو. بۆ خۆمان خود ساختە بووین. لەو شتانەدا وارید نەبووین. کەسیش نەبوو ئێمە بۆ ئەو کارەی رانومایی بکات، موتەئەسفانە."

کە وایە ساڵی 1326 [1947] هەستەی ئەوەڵییەی حزبی دێموکرات لە سەر دەستی ئەو کەسانە پێک دێت، کە هیچ زانیارییەکی زانستی و تاقیکردنەوەیەکی تەشکیلاتیان نەبووە. دواتر لە ساڵانی 1330 [1951] بەو لاوە لە گەرمەی جوڵانەوەی موسەدیق و چالاک بوونی حزبی توودە، حزبی دێموکرات یارمەتی لە حزبی توودە وەردەگرێ بۆ رێکخستنی تەشکیلاتەکەیان بەڵام هەتا ئەو دەمە هەموو کارەکان خۆرسک بەڕێوە چوون.

بلوریان لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە تەشکیلاتی حزبی دێموکرات پاش رووخانی کۆماری کوردستان چۆن بووە، دەڵێ:

"ئێمە حەوزەمان نەبوو، کوردەکە هەموو عەلاقەمەند بوو، پۆلیسی لێ هەڵنەدەکەوت. حەتتا ئاغاکان کە لە گەڵ روکنی دوو ئیرتباتیان هەبوو، مەزاحمی ئێمە نەبوون..."

بۆ مبارزە، شکڵی هەستەییمان لە دێهاتەکان [هەبوو]. فەقەت هەستەی سێ نەفەریمان دادەنا. هەر [دێیەک] هەستەیەکی سێ نەفەریمان دادەنا، ئەو هەستەی سێ نەفەرییە مەسئولی ئەو دێیە دەبوو. تەواوی ئەو دێیە خۆی بە عوزوی حیزب دەزانی. ئەوە سیستمی کاری ئێمە بوو.

ئەڵبەتە ئەمە ناپوختە بووین. لە لیحازی تەشکیلاتی بەراستی وارد نەبووین، بەڵام میللەتەکەمان ئەوندە ئینسانی با عاتیفە وبامحەبەت بوون عەلایقی میللیان هەبوو، رووحی میللیان قەوی بوو، ئیمکانیان بەمە دەدا، لە عیتمادی وان ئیستفادە بکەین، لە باتی ئەوەی حەوزە تەشکیل بدین و جەلەسەی حەوزەیدا، مەخفیانە قسە بکەین، دەچووینە سەر خەرمانی دادەنیشتین، وەختی ئیستراحەتیان کە دوروێنەیان دەکرد یان دەچووین لە جەمعی کۆڕ و کۆمەڵێک دا، ژن و پیاو سی چل نەفەر لەوێ دادەنیشتن، قسەمان بۆ دەکردن. قسەکانمان راجع بە مەسەلەی کورد بوو، قسەکانمان راجع بە حەقی میللەتی کورد بوو، گەڕاندنەوەی حکومەتی میللی کوردستان بوو"

لە بارەی کاری تەبلێغاتی حزبەوە بلوریان لە کتێبی سەدەی کارەسات دا دەڵێ:

... ئیعلامیە و نەشریە لەو دەمیدا نەبووە. ئسولەن ئەمە ئیعلامیەمان نەبوو پەخشی کەین. ئێمە رۆژنامەمان نەبوو پەخشی کەین. ئێمە ئیرتباتاتی تەبلیغی شفاهیمان بووە. بەو شێوەیە عەمەلمان کردووە.

لەو قسانە و لە هەموو ئەو بەڵگانەش کە باسی ئەو سەردەمانە دەکەن، دەردەکەوێ کە حزبی دێموکراتی کوردستان پاش رووخانی کۆماری کوردستان، تەشکیلاتی نەبووە و تەنیا کەسانێک لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە و بە پێی ئیمکانی خۆیان هەڵسووڕاون. لە گەڵ نزیک بوونە لە ساڵی 1332 وەزعی ئێران و مەهاباد لە وانە حزبی دێموکرات

دەگۆڕدرێ و بە نزیکبوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتی لە حزبی توودە، حزبی دێموکرات لە ژێرکارتێکردنی بەرنامە و سیاسەت و تەشکیلاتی حزبی توودەدا، دەبێتە خاوەنی چەشنێک لە ڕێکخستن. لەو دەورەیەدا ئەندامانی حزبی دێموکرات ڕۆژنامە و ئۆرگانەکانی حزبی توودەیان لە سابڵاخ بڵاوکردۆتەوە و لە ڕاستیدا بوونەتە باسکی تەبلیغاتی حزبی توودە، نە موبەلغینی حزبی دێموکرات. مام غەنی دەڵێ:

"بەعزە ڕۆژنامەیەک کە لە تارانێ ڕا دەهات وەکوو **عەزل** و **زەفەر** و ئەو ڕۆژنامانەی کە **حیزبی توده** چاپیان دەکرد. ئێمە ئەو ڕۆژنامانەمان وەردەگرت. **چوون ئێمە ئۆرگانمان نەبوو. ڕۆژنامەمان نەبوو. ئەمە حەتتا قەڵم بزەنێشمان[نووسەر] نەبوو بۆ ئەوەی ڕۆژنامە تەهیە بکەین. ئەگەر بمانویستا ڕۆژنامەی مونتەشیر بکەین دەبووایە بگەڕین قەلەم زەنی پەیداکەین. هەم کوردی زان بێت هەم قەلەم زەن بێت. هەم بتوانێ ڕۆژنامەکەی ئیدارە بکات."** ئەوایلی کار لەو بارەیدا زەعیف بووین."

مام غەنی هەر لە درێژەی قسەکانیدا کە لە کتێبی سەدەی کارەساتدا هاتووە دەڵێ:

" وەرگرتنی ڕۆژنامەی ئۆرگانەکانی حیزبی توده لە ساڵی 29وە [1950]دەست پێکرا. ئەو دەم ئیرتبات لە گەڵ حیزبی توده بە تەدریج شکلی دەگرت. ئەو ڕۆژنامانە، [لە ناو] ڕۆشنفکرانی دەروونی تەشکیلات پەخش [دەکرا]. موتاڵعە بکرێ و هەر لە ساڵی 29شەوە کلاسی ئاموزشیمان دانا، کلاسی ئاموزشی کە بۆ خۆیان موتالعەی کتێبان بکەن، [لە] حەوزەکان و هەستەکان لە داخڵی شاریدا.[دەدرا بە] تێعدادێک ئەفراد کە ئیحساس دەکرا بۆیان قابلی پەزیرشە. "

مامە غەنی لە درێژەدا دەڵێ:

" ساڵی 29 بوو کە ئیرتباتمان لە گەڵ **حیزبی تودەی** بەرقەرار ببوو. کوتم ڕۆژنامەجات و ئورگانی حیزبی تودەمان بۆ دەهات. ئێمە ئەو ڕۆژنامانەمان موتالعە دەکرد و ڕەدمان دەکرد بۆ حەوزەکان بۆ ئاموزش. بۆ حەوزەکانی تەشکیلات کە جەوانەکان بیخوێننەوە، ئیستفادەی لێ بکەن. **ئێمە ئۆرگانمان نەبوو ڕۆژنامەمان نەبوو، هەر ئەو ساڵی بوو کە ئەوڵین بار تەمرمان چاپ کرد بە نێوی تەمری حیزبی دێموکراتی کوردستان** بە شکڵی تەمری پۆستی، مقدار پوڵێکی کە لە سەر تەمرەکان نووسرابوو،کەسێک کە کۆمەکی دەکرد هەر مقدارێکی دابایە لە مقابلدا تەمرمان دەدایە. تەمری حیزبی بۆ کۆمەک. ئەو تەمرانەمان بە سەراسەری کوردستاندا پەخش کرد، بۆ **سنە** بۆ **سەردەشت** بۆ **نەغەدە** بۆ **مەهاباد** بۆ **سەقز**. بۆ ئەو مەنتەقانە. بۆ **بانە** کە لەو تەمرانە ئیستفادە بکەن بۆ وەرگرتنی کۆمەک. **ئەو تەمرانە ئەوەڵین کۆمەکی چاپی بوو کە حیزبی توده بە ئێمەی کرد.** ئەو تەمرانەی بۆ چاپ کردین. ئێمە تەقازامان کردبوو قەبزمان بۆ چاپ کەن. قەبزی ئەعانە، بەڵام ئەوان تەشخیسیان دابوو، تەمرمان بۆ چاپ کەن. قەبزەکان تەرحەکەمان بە نێوی حیزبی دێموکرات ناردبوو. کە ئەوان بە شکڵی تەمر دەریانهێنا بوو. بۆ مەیان ناردەوە. "

مامە غەنی بەرپرسی یەکەمی حزبی دێموکراتی کوردستان لە پاش ساڵی 1947 هەتا ساڵی 1959 دەڵێ:

"ڕۆژنامەهای عەلەنی **حیزبی توودە**، وەکو **شەهباز** و **بسوی آینده** و **جەوانانی دێموکرات** لە **تاران** مونتەشر دەبوون. دەبێ دیقەت لە ئینتشاری ئەوانە بکەین. کە ئەوە بە شکڵێکی زۆر گوستەردە دەهات بۆ **مەهاباد**. و بە شکڵی عەلەنی دەفرۆشرا، پاش تەزاهوراتی خەلعی یەد ئێمە بونگاهی لالە درخشانمان دانا. بە مەسئولیەتی **ئەسعەدی خودایاری**. کارتی خەبەرنگاری **تهران مصور** و **کەیهانی** وەرگرتبوو. کوتبوومان بچێ وەربگرێ. بە عینوانی خەبەرنگاری ئەوانە بێ. دیارە لە مەهاباد خەبەرنگارێکی دیکە هەبوو خەبەرنگاری **ئیتلاعات** و **کەیهان**، **محەمەدی حەبیبی** بوو. **ئەسعەد خودایاری تهران موسەوەر**ی وەرگرتبوو.بەڵام خەبەرنگاری **شەهباز** و بە **سوی ئاینەدەشی** ورگرتبوو. کە ئەو ڕۆژنامانە دەهاتن. دەورێک هات کە دەستور درا عەلەنەن بفرۆشرێ. بە ئەعزای حیزب و کەسانێک کە زیاتر موحەسیل بوون. سازمانی موحەسلینمان هەبوو. کە خودی **عەوڵای ئیسحاقی** و ئەوانە لە دەبیرستانی دروستیان کردبوو. مەسئولەکەشی خودی **عوبدوڵای ئیسحاقی** بوو"

لە درێژەی ئەم پەیوەندییانەدا، حزبی توودەی ئێران عەبدولرەحمان قاسملو دەنێرێ بۆ یارمەتیدانی حزبی دێموکرات. مامە غەنی ئاوا باسی ئەو ڕۆژانە دەکات:

دە ساڵی 30 دا [1951] بوو کە ئەوڵین بار **عەبدولڕحمانی قاسملو** لە تارانەوە هات، دیدارێکی لە گەڵ ئێمە کرد جەلەسەکەش لە ماڵی ئێمە بوو. بەعزە سوئالاتێکی کرد و کۆمەکێکی حیزبی توده لە دەستی دێ. چ تەقازایەکتان هەیە لە حیزبی توده، کە کۆمەکو پێ بکات. مەسەلەی تەمرەکان بوو، مەسەلەی ڕۆژنامە بوو مەترەحمان کرد. مەسەلەی ئیرتبات بوو، کە ئەمە پێمان خۆشە ئیرتباتمان هەبێ، کە لە پێشوشدا لە ساڵی 27 دا، ناردمان ڕابتە بگرین لە گەڵ **ئیحسان تەبەری** نەگونجا[و] کۆمەکیان بە ئێمە نەکرد. مەسەلەی داوای ڕۆژنامەمان بوو، کە کۆمەکمان بکەن چاپخانەیەکمان لە ئیختیار بنێن یا خود ڕۆژنامەیەکمان بۆ چاپ بکەن. ئیمکانی فەراهەم بکەن بۆ ئینتشاری ڕۆژنامەیەک بە کوردی. ئەو داخوازییانەمان دا. ئەو هاتبوو ئیرتباتی حیزبی توده لە گەڵ ئێمە فەعالتر بکات. هەتا ئەو دەمەی قاسملو نەهاتبوو ئێمە ئیرتباتێکی موشەخەسمان نەبوو. بەڵام ڕۆژنامە دەهاتن بۆ فرقەی دێموکرات لە تەورێز، لەوێش ڕا میقدارێک دەناردرا بۆ ئێمە. چ

عەلەنی و چ مەخفی، هەتا ئەوەی بونگای ئیدارەی درخشانمان دانا و رۆژنامە عەلەنیەکان لەوێ دەفروشران.
**قاسملو** کە هات ئەو ئیرتباتە شکلێکی رەسمی بە خۆیەوە گرت. پاش ریفراندۆم **حیزبی توده** ئیرتباتەکەی فعالتر کرد لە گەڵ ئێمە. چوون ئیحساسی حەرەکەتی مونەزەم و تەزاهوراتی گوستەردە لە کوردستان کرابوو، دەنا پێشوو تەلاشی نەکردبوو کە ئیرتباتاتێکی دەقیق و رەسمی لە گەڵ ئێمە بەرقەرار بکات. عیللەتەکەی نازانم چ بوو، ئایا کادرێکی وای نەبوو، کە بتوانێ دەست و باڵی ئاواڵە بێ، وەختێ **قاسملو** گەڕاوە لە خارج ئەویان لە نەزەر گرت. کە بێ ئەو کارەی بکات. لەو تاریخەوە قاسملو دەگەڵ ئێمە فەعال بوو. و لە تەواوی زەمینەکاندا دەگەڵ ئێمە هاوکاری دەکرد، مەخسوسەن لە ساڵی 1330 [1951]. لە سالی 31کەوە بە شکڵێکی جیددیتر لە گەڵ ئێمە کاری دەکرد. هەتا هاتینە سەر ئینتخاباتی دەورەی 17.
جگە لە قاسملو چەند کەسی دیکە لە لایەن حزبی توودەوە ناردران بۆ ناو حزبی دیموکرات لەوانە موهەندیس **ئیحسان ئولا** کە موهەندیسی شیرکەتی نەوتی ئابادان بووە و مەجبور بووە لە دەست رژیمی شا هەڵێ، کە ناردوویانە بۆ کوردستان، پاش ئەو کوردێکی خەڵکی سنەیان ناردووە بۆ هاوکاری لە گەڵ حزبی دێموکرات بە ناوی جەوهەری ئەو کەسە دەبێ شارەزای کاری شانۆ و کارگەلی هونەری بووبێ.
لە راستیدا یەکەم معمار و داڕێژەری تەشکیلاتی لە ناو حزبی دێموکراتدا، عەبدوڵرەحمان قاسملو بووە کە دواتر دەوری سەرەکی و بونیادی دەگێڕێ لە داڕشتن و دروستکردنەوەی حزبی دێموکرات لە لایەنی فکری، سیاسی و تەشکیلاتی.

پاش تێکشکانی جوڵانەوەی موسەدیق حزبی دێموکراتی کوردستان لە بەر یەک هەڵدەوەشێتەوە، کەسە سەرەکیەکانی حزب یان دەگێرین و رەوانەی زیندان دەکرێن یان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوور دەکەونەوە و دەچنە عێراق و بەشێک لەوانیش خۆیان دەگەێننە وڵاتانی سوسیالیستی وەک قاسملو، قزڵجی، حیسامی و کەسانی دی.
بەو پێیە حزبی دێموکرات لە ماوەی ساڵانی 1330 هەتا 1332 [1951-1953] خاوەنی چەشنێک لە تەشکیلات بووە و پاش ئەو دووساڵە هەتا ساڵی 1357 [1978] حزبی دێموکرات لە ناوخۆی کوردستان لە رۆژهەڵات هیچ چەشنە تەشکیلاتێکی نەبووە، هەرچەند ساڵانی 46 و 47 [1967-1968] حەول درا کە لە ناوخۆی وڵات تەشکیلات سازکەنەوە. ئەو بەشەی کە لە عێراق و باشووری کوردستان بوون و ئەوانەی وا لە ئوروپا بوون، دەستەی سەرەکی حزبی دێموکراتیان پێک هێناوە و پاش ئەوەی دەستەڵات دەکەوێتە دەست دوکتور عەبدوڵرەحمان قاسملو و لایەنگرانی، حزبی دێموکرات قەوارەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی پەیدا دەکا و ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیشیان "رۆژنامەی" کوردستان بووە.[ئەڵبەت دەکرێ بگوترێ گۆوار بووە نەک رۆژنامە]
دوکتور قاسملو لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنووسێ:

"رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتاوە تا ئیستا چەند قۆناغی بەسەردا هاتوە. یەکەمین قۆناغی رێبەرایەتیی ئێمە لە زەمانی کۆماری کوردستان دایە. لەو سەردەمەدا ئوسوولێکی ئەوتۆ کە ئێستا ئێمە هەمانە بۆ هەڵبژاردنی رێبەرایەتی نەبووە و ئێمە بە دروستی هەتا ئێستاش ناتوانین دیاری بکەین کە ئایا ئەو رێبەرایەتییە لە کۆنگرەی حزبدا هەڵبژێردراوە؟ یان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی دا؟ کە پاش چەند مانگێکیش بۆتە رێبەرایەتی کۆماری کوردستان. دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئەگەر پێشەوا قازی و یەک دوو کەسی دیکە (ئەوانیش فاسیلەیان زۆر بووە لە گەڵ پێشەوا قازی) لەو لا دابنێین ئەوەی کە وەک رێبەرایەتی ئەو وەختە هەبوو، بە هیچ شێوەیەک نە ئامادەیی سیاسی هەبوو بۆ ئەو کارە، نە تەجروبەو تاقی کردنەوەی پێشوو، نە تەنانەت بیروباوەڕێکی قووڵی وەک رێبەرایەتیی جووڵانەوە. چونکە لە چەند مانگان یان ئەو پەڕەکەی لە ماوەی یەک ساڵدا ئەوانە لە پێشدا وەک رێبەر دیاری کران، لە پاشان بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بوون بە وەزیر و کاربەدەست. بێ ئەوەی کە پێشتر ئامادەییان هەبێ بۆ ئەم کارە. ئەم راستییە لە پاش تێکشکانی کۆمار دەرکەوت."

**درێژەی هەیە....**